نیشتمانێکی ئازادو
گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# ڕێگای کوردستان
REGAY KURDISTAN
یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی)یەوە لە نیسانی ساڵی 1944دا دەرچووە

ژمارە (499)ی ساڵی (57)
دووشەممە (22)ی نیسان (ئەپریل)ی 2002
(2)ی گوڵان 2702ی کوردی

هەفتەنامەیەکی سیاسییە - ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق


## پیرۆزبایی

لە یادی (104) ساڵەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی جوانترین چەپکە گوڵی ڕێزو خۆشەویستیمان ئاراستەی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین، بە هیوایین ئەم توێژەو سەرجەم هەڵگرانی قەڵەمی بە بڕشتو پەیامی زانینو ڕووناکی ڕۆڵی خۆیان کاراتر بکەن لە زیاتر گەشەپێکردنو بەرەو پێشبردنی کاروانی ڕۆژنامەنووسی، ئەو کاروانەی لە سەرەتادا لە سەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخانی رابەرو سەرقافڵەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە نێوی (کوردستان) دەستی پێکردو تاکو ئێستاش بزاڤو ڕەوتی پڕ لە هەوڵو داهێنانی هەر درێژەی هەیەو، دیارە وەکو چۆن مێژووی کاروانی ڕۆژنامەنووسیمان خاوەنی چەندین لاپەڕەی جوانو تۆماری مەزنە دەبێت ئەم کاروانە لەم قۆناغە چارەنووسسازەشدا قەڵەمی ڕاستگۆییان بە بڕشترو پەیامی نیشتمانیو مێژوویی خۆیان بەرزتر بکەن ڕووەو گەیشتن بە دەسەڵاتی چوارەمو بنیاتنانی کوردستانێکی ئاوەدانو ئاسوودە کەوا لە سایەیدا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئازادی ڕۆژنامەنووسیو مافە بنەڕەتییەکانیان زامن بکرێت.

**هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان**


ل4
ڕێبوار سیوەیلی:
لە ڕەهەندی مێژووییەوە بۆ ڕەهەندی یۆتۆپیایی ئەنفال



ل5
لە یادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
سەرەتایەك بۆ ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنی لە کوردستانی عێراقدا

ل8
لە یادی کۆچی دوایی هێمن دا
هێمن شاعیری ڕاستەقینەو عاشقی گەورەی شیعر



ل10
یادی دامەزراندنی یەکێتی گشتی قوتابیان
لە هەولێرو سلێمانی بەرز ڕاگیرا


## کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق کۆدەبێتەوە

ڕۆژی 2002/4/16 کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق کۆبوونەوەیەکی ئاسایی کرد، لەم کۆبوونەوەیەدا ڕاپۆرتێك خرایە ڕوو کە تیایدا دوا گۆڕانکاریو پێشهاتە سیاسییە نوێیەکانو چالاکییەکانی سەرکردایەتی حزبی لە چوار مانگی ڕابردوو واتا دوا کۆبوونەوەی خۆی کەوا لە 2001/12/18 ئەنجام درابوو لە خۆگرتبوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕینی گەلی فەلەستینی تێکۆشەرو شەهیدانی حزبو جووڵانەوەی نیشتمانی دەستی پێکرد.

هەروەها لە بارودۆخێکی سەختو ئاڵۆزدا کەوا سەرجەم جیهان بە گشتی ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە لە بەرامبەر پەرەپێدانی دوژمنکاریەکانی حکومەتی ئیسرائیل لە دژی گەلی فەلەستینو دەسەڵاتداریتی نیشتمانیو سەرۆکەکەی بە ئامانجی خنکاندنو سەرکوتکردنی ڕاپەڕینو تێکدانی ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگای فەلەستین. کۆبوونەوەکە ئەو کارە دڕندانەو قەسابخانەیەی ڕیسواکرد کە (شارۆن)ی خوێن ڕێژو ڕژێمە فاشییەکەی لە دژی گەلی فەلەستین لە خێوەتگاو شارەکانی وەکو جنینو نابلسو ڕامەڵڵاو بەیت لەحمو تولکەرەم ئەنجامی دەدەن، ئەو شاڵاوە دڕندانەیە بە ئاگاداریو پاڵپشتی ئیدارەی ئەمریکا بەڕێوەی دەبات.

دواتر کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بانگهێشتی هاوڕێیانو ڕێکخستنەکانی حزبو جەماوەری گەلەکەمانو سەرجەم هێزە نیشتمانیو دیموکراتییەکانی کرد کە هاوکاری خۆیان زیاتر پەرەپێبدەن بۆ پشتیوانی کردنی ڕاپەڕینی گەلی فەلەستینیو بە تایبەتی لەم قۆناغە سەختو چارەنووسسازەدا لە پێناوی کۆتایی هێنان بە داگیرکاری ئیسرائیلو هێنانەدی خواستو هیواکانی گەلی فەلەستینیو سەرجەم ئامانجە ڕەواکانی لە پێکهێنانی دەوڵەتی نیشتمانی سەربەخۆو کردنی قودس بە پایتەختی ئەم دەوڵەتە.

لە کۆتاییو لە دوای ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکانو هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی سەرکردایەتی حزب لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیو ژمارەیەك بڕیارو ڕاسپاردەی تایبەت بە ئیشو کاری حزبو چالاکی ڕێکخستنەکانی لە داهاتوو ئیشو کارەکانی خۆیدا دەرکردو هەورەها بڕیاریدا کەوا زیاتر هەڵسەنگاندنو چاودێری سیاسی بۆ سەر ئەم پێشهاتو گۆڕانکارییانە بکرێتو وگوتاری سیاسی حزبیش لە بەرامبەر هەر یەکێك لەو ڕەهەندو پێشهاتانە دیاری بکرێت.

## چۆمان

## بە ئامادەبوونی هاوڕێیان کەریم ئەحمەدو ئەبو داودو سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگای حزبمان کرایەوە.



ڕۆژی (17)ی ئەم مانگە بە ئامادەبوونی هاوڕێیان کەریم ئەحمەد" سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستانو، "ئەبو داود" سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقو هاوڕێ ئەحمەد شێروانی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو ژمارەیەکی دیکەی هاوڕێیانی سەرکردایەتی حزبمانو، بەڕێزان (جەوهەر نامق) سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانو "زەعیم عەلی" ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیو "عارف تەیفور" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو "قادر قادر" بەرپرسی لقی "10"و ژمارەیەك بەرپرسی دیکەی پارتیو، ژمارەیەکی زۆری هاوڕێیانی حزبمانو جەماوەری بەشەرەفی چۆمان، بارەگای ڕێکخراوی حزبمان. حزبی شیوعی لە چۆمان کرایەوە.

لە لایەن خۆیەوە بەڕێز "جەوهەر نامق سالم" سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وتەیەکی بە بۆنەی کردنەوەی بارەگاکە پێشکەش کرد، کە تیایدا ڕۆڵی نیشتمانپەروەرانەی حزبمانی لە خەباتو تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بەرز نرخاندو، جەختی لە سەر زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی لە مێژینەی نێوان پارتیو حزبمانی دووپات کردەوە.

دواتر "هاوڕێ ئەحمەد شێروانی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبمانو، بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر وتارێکی بەناوی حزبەوە پێشکەشکرد کە تیایدا وێڕای بەخێرهاتنی هەموو لایەك، لە بارەی کردنەوەی بارەگاکەوە وتی "کردنەوەی بارەگای حزبمان لەم ناوچە سنوورییە گرنگی زۆری هەیە، هەربۆیەشە داوا لە ڕێکخراوەکەی حزبمانو، ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە هاوخەباتی یەکترو هاوسەنگەری یەکتر بکەنو ڕێگا نەدەن ناحەزانی گەلەکەمان کەڵك لە کەلەبەری نێوان هەردوو لامان وەربگرن.."

دواتر هاوڕێ (ئەحمەد شێروانی) پیرۆزبایی کردنەوەی بارەگاکەی لە جەماوەری ناوچەکە کرد، لە کۆتایی قسەکانیشدا ئاماژەی بۆ پەیوەندیی لە مێژینەی نێوان حزبمانو پارتی دیموکراتی کوردستان کرد.

## گەڕانەوەی چەندین تێکۆشەر بۆ ڕیزەکانی حزبمان

ماوەیەك بەر لە ئێستا ژمارەیەك لە ئەندامانی بیرۆی سیاسیو سەرکردایەتیو چەندین کادیرو پێشمەرگەو ئەندامی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانی هەڵوەشاوە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا گەڕانەوەی خۆیان بۆ نێو حزبمان حزبی شیوعی کوردستان ڕاگەیاندو بڕیاریاندا لە ڕیزەکانی حزبدا درێژە بە خەباتو تێکۆشانی خۆیان بدەن. ئەمەی خوارەوەش دەقی بەیاننامەی ئەو پۆلە تێکۆشەرەیە:

**ڕاگەیاندنی کۆمەڵێك لە ئەندامانی بیرۆی سیاسیو سەرکردایەتیو کادیرانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانی هەڵوەشێنراو**

لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو (2001)دا، لە ڕێگای شکاتی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە دادگای بەرایی هەولێرەوە لە سەر (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) تۆماری کردوو دواتریش لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (پارتی کار)ی دەرکرد.

لە ئەنجامی ئەو بڕیارەو هەڵوەشاندنەوەی پارتی کار زۆربەی ئەندامانی بیرۆی سیاسیو سەرکردایەتیو کادیرانی پارتی کار هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکهێنانی پارتێکی چەپی کوردستانی بە پێی یاسا، بە مەبەستی درێژەدان بە کارو خەباتو حزبایەتی، هەرچەندە ئێمە لەو کاتەدا نیگەرانی خۆمان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پارتی کار بە هەموو لایەنە سیاسیو ناوەندە ڕەسمییەکان ڕاگەیاند، بەوەی کە لەم بارودۆخەی کوردستان بە شێوەیەکی دۆستانەو دیموکراتییانە ببوایە لە هەمان کاتیشدا ئەو دوو خاڵەی لەسەر پارتی کار لە دادگا تۆمار کرابوون هێزی ئەوەیان نەبوو کە حزبێکی شۆڕشگێڕو نیشتمانی وەکو (پارتی کار)ی پێ هەڵوەشێندرێتەوە، کە لە مەیدانی خەباتو سیاسەتدا بە درێژایی تەمەنی کاری کردووەو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووەو قوربانی زۆریشی داوە.

لەم نێوەندەدا ئێمە کۆمەڵێك لە ئەندامانی بیرۆی سیاسیو سەرکردایەتیو کادیرانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بە باشمان زانی بۆ درێژەدان بە کارو خەباتمان، لەگەڵ نزیکترین بەرنامەو بۆچوونی فیکری کار بکەین، بەم پێودانگەشەوە بڕیارماندا لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی کوردستان وەك ئەرکێکی نیشتمانیو چینایەتی درێژە بە تێکۆشان بدەین کە لە ڕابوردوودا بەشداری ڕاستەوخۆمان بووەو گێڕانەوەی خەباتمان بۆ ڕیزەکانی بە نامۆ نابینین.

**هەولێر / کوردستان**
2002/4/20

## کۆڕێکی ماتەمینی لە یەکەمین ساڵیادی کۆچی دوایی هاوڕێی نەمر ئەحمەد عەوێنەدا



کاتژمێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی 19 / 4 / 2002 لە هۆڵی ڕێگای بارەگای کۆمیتەی پارێزگای هەولێر، حزبی شیوعی کوردستان مەراسیمی یەکەمین ساڵیادی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەرو ماندوونەناس ئەحمەد عەوێنە بەڕێوە چوو.

هاوڕێ حەمید مەجید موسا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، هاوڕێیانی سەرکردایەتی هەردوو حزبی شیوعی عێراقو کوردستان، هاوڕێ مام خدر سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستانو کەسوکاری هاوڕێی نەمر ئەحمەد عەوێنەو ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان، ئامادەی کۆڕەکە بوون. بەرنامەی کۆڕەکە بریتی بوو لە:

- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی هاوڕێی نەمرو تەواوی شەهیدان.
- بەخێرهاتنی ئامادەبووان بەناوی کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبمانو مەکتەبی ناوەندی کاری جەماوەری.
- وتاری مەکتەبی سیاسی حزبمان لە لایەن هاوڕێ مەلا حەسەن.
- وتاری مەکتەبی ناوەندی کاری جەماوەریو تایبەتمەندی ناوەندی کاری جەماوەری لە لایەن هاوڕێ بابە عەلی جەباری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.
- خوێندنەوەی ژیاننامەی هاوڕێی نەمر ئەحمەد عەوێنە لە لایەن هاوڕێ مەغدید حاجی.
- وتەیەكو هۆنراوەیەکی دڵزاری شاعیر.
- بیرەوەرییەکانی بەڕێز مام خدر سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان لەگەڵ هاوڕێ ئەحمەد عەوێنە.
- هەندێ وشەی وەفا لە لایەن هاوڕێ زیرەك کەمال.
- چەند پەیڤێك بۆ یادی هاوڕێی نەمر لە لایەن مامۆستا ڕابەر ڕەشید.
- وتاری بنەماڵە لە لایەن هاوڕێ وریا ئەحمەد عەوێنە.

## ڕژێمی عێراق ژمارەیەك ئەفسەر لە سێدارە دەدات

بە پێی ڕاگەیەندراوی نووسینگەی مافی مرۆڤی حزبی شیوعی عێراق کە لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 14 / 4 / 2002 بڵاوکراوەتەوە ڕژێمی عێراق لە سەرەتای ئەم مانگەدا ژمارەیەك ئەفسەری لە سێدارە داوە، ئەم ئەفسەرانە سەر بە (کتیبە سیف القائد)نو تیپی (10) کەوا بارەگای لە پارێزگای (میسان)ە بیانوی لە سێدارە دانیشیان ئەوە بووە کە گوایە دەستیان هەبووە لەو چالاکییەی کەوا بووە هۆی تەقاندنەوەی تانکێك لە مانگی ڕابردوو.ناوی ئەفسەرە لە سێدارە دراوەکان بریتین لە .

1 - النائب ضابط جواد كاظم لعيبي
2 - النائب ضبط عبدالحسين جاسم
3 - النائب ضابط عبدالحق أسماعيل

جێی باسە هەر سێ ئەفسەری ناوبراو لە گۆڕەپانی گرتووخانەی (أبو غريب) لە سێدارە دراون، هەروەها ئەفسەرێك بەناوی مازن قاسم الجنابي لە کاتی تەقینەوەی ئەو تانکە کوژراوەو ژمارەیەکی تریش لە پیاوانی ڕژێم هەر لە نێو خودی ئەم ڕووداوە بریندار بوونە.

## جۆرج بۆش: سەدام لادەچێ، کەسیش نەپرسێ کەیو چۆن!



جۆرج بۆشی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە سەدام حوسێن لادەچێ، کەسیش لە من نەپرسێ کەیو چۆن لادەچێ، تەنیا ئەوە دووپات دەکەمەوە کە لادەچێ.

بۆش ئەم هەڵوێستە نوێیەی لەمیانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕەفیق ئەلحەریری سەرۆکی حکومەتی لوبناندا دەربڕی.

بۆش سەرەتای دیمانەکەی بە ڕەخنەی توند دژ بە (حزب الله) دەست پێکردو، هەڕەشەی ڕاستەوخۆشی لە سەدام حوسێن کردو ڕایگەیاند کە وەکو دەروازەیەك بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە عێراقدا سەدام لە ناو دەبات.

لەلایەکی دیکەوە وەزیری دەرەوەی سعودیا میر سعود ئەلفەیسەڵ دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ (ڤلادیمیر پۆتین)ی سەرۆکی ڕوسیاو (ئیگۆر ئیڤانۆڤ)ی وەزیری دەرەوە دووپاتی کردەوە کە عێراق لە لووتکەی بەیروتدا بەڵێنی جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی داوە، لەوانەش ڕازی بوون بە گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنین. واشی دانا کە ئەگەر عێراق ئەم مەرجانە بەجێ بگەیەنێ ئەوا کێشەکانی چارەسەر دەبن ئیڤانۆڤ لەلایەن خۆیەوە ڕایگەیاند کە ڕوسیا گرنگییەکی تایبەت بە گەڕانەوەی پشکنەران دەدات، ئەمەش لە ڕێگای گفتوگۆی نێوان عێراقو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.